www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-12-2006 16:58

## کورتەی هەوڵەکان.... رزگار کۆچەر

Rzgar_kochar@htmail. com



برادەرێك پیی گوتم کە دووکارمەندی وەزرەتی رۆشەنبیری تەمەنەیان لە نێوان بیست سال تا بیست وپێنج ساڵ دەبێت کەچی خزمەتیان بە بیست و پێنج سال بۆ نوسراوە، ئەوەیە دادی کۆمەلایەتی و خزمەت کردن، چومە مەشقێکی سەربازی ئەوەی بینیم دال و ئەستیرەی لەشان بوو پرسیم ئەی کی سەربازە گوتیان هەمویان مۆلەتن و کەسێکم نەبینی جوندی بێت کار وا بروات هەموو کوردستان دەبێتە ئەفسەر، لە گوندێکی نزیك هەولێر قوتابخانەیەك هەیە تەنها 8 قوتابی هەیە کەچی 4پاك کەرەوەی هەیە واتا 4 فەرەاشی هەیە، لە فیستیڤالی کورتە فیلمی نێو دەوڵەتی کە لە هەولێر ساز کرا بۆ ئەوەی هۆلەکە پر کرێتەوە وزارەتی رۆشەنبیری هەموو کارمەندو بەردەستەکانی وەزارەتیان هێنابوە هۆڵەکە مۆزەفێکی وەزارەت لە تەنیشتم دانیشتبوو گوتی گوتیان ئەوەی نەچێت غائیب دەدرێت بێجگە لەمەش گەر هەلە نەبم هەر بۆ پرکردنەوەی هۆڵەکە نیوەی قوتابیانی قوتابخانەیەکی کچانیان هێنا بوو تا بلێن ئافرەتیش ئیستا روو لە هۆلەکان دەکەن!!!! بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی لە کەنالێکی سەتەلایتی کوردی نیشان درا مەبەست لە پێشکەش کردنی بەرنامەکە تەنها دروست کردنی دیالۆك بوو لە نێوان باوك کور کەچی دوای بۆمان دەرکەوت ئەوەی نیشان ئێمەیان دا بوو راست نەبوو چونکە باوك وکورە بە راستەقینەی کورو باوکی یەکتر نەبوون، هەندی برادەر دەناسم رێکخراوو سەنتەریان بۆ خۆیان دامەزراندووە چونکە خۆیان لە وزارەتی رۆشەنبیری کار بەدەستن من باسیان ناکەم چونکە هیج بەرهەمیان نیە!!!!! بەڵام لە هەمووی خۆشتر هەندی کەسی تر دەناسم کە هەر خەریکی دامەزراندنی سەنتەرو مەنتەرن دەلێن وەلا میزانیەی سەنترەکەمان تەنها بۆ خەرجی خواردنەوی شەوان و داوەت وداوەت کاریە، رۆژنامەنوسێك دەناسم خوا نەکا بزانێت لە هەولێر چالاکیەك هیە!!بۆ ئەوە نا کە زوو دەگاتە شوێنی چالاکیەکە بەڵکوو ئەو برادەرە سێجەمە نان و خواردنی لەسەر ئەم فیستیڤالە دەبێت، رۆژنامەیەك بریار بوو چاوپێکەوتنێك لەگەل بەندە ساز بکات سەرنوسەری رۆژنامەکەش بە پەیامنێرێکی گوتبوو کە دیدارەکە لەگەلم ساز بکات کەچی ئەو برادەرە گوتبووی من تەنها بۆ کاری سیاسی دیدار ساز دەکەم کەچی ئەو رۆژە پەیامنیرەکە راپۆرتێکی لەسەر دامەکردن کردبوو ئەوەیە سیاسەت، کچە ئەکتەرێك لە فیستیڤالی کورتە فیلمی نێو دەوڵەتی گەر هەڵە نەبم لە هەشت فیلم یان شەش فیلم رۆلی ئەکتەری بینیبوو کەچی دەم نادەمێکیش خۆی وەك پێشکاری فیستیڤاڵکە نیشان دەدا!!!من لە ئەو ناگرم ئەزمەی بی ژنیە، هەر لە فیستڤالەکە هەموو وتارەکان لە لایەن نوێنەرەکان خوێنراوە بەواتای ووتاری سەرۆکی حکومەت نوێنەری جەنابیان خوێندیەوە دوایش وتاری وەزیری رۆشەنبیری هەر نوێنەری جەنابی وەزیری رۆشەنبیری خوێندیەوە دوای ئەم وتارەش جێگری پارێزگاری هەولێر بە نوێنەری پارێزگای هەولێر وتاری جەنابی پارێزگاری خوێندەوە، برادەرێکم دەرچووی بەشی شانۆیە لەم ماوەیە شانۆگەریەکی

پێشکەش کردبوو دوای ئەوەی چوو بوو میزانییەی خەرجی شانۆیەکە وەربگرێت ناوی کەسێکم لایە کار بەدەستە گوتبووی دەبێت لەم برە پارەیە یەك ملیۆن بدەیت بەمن!!!!!